
# ساوجبلاغ مکری (مهاباد)

فریدون حکیم زاده، "ساوجبلاغ مکری (مهاباد) – تاریخ تحولات اجتماعی، سیاسی، فرهنگی و اقتصادی مهاباد به روایت اسناد"، از انتشارات مرکز نشر فرهنگی هیوا، انتشارات رهرو؛ مهاباد 1389 [2010]. 723 صفحه، فارسی.

ISBN: 978-964-7970-32-7




ئەم کتێبە بەرهەمی نوێی ڕێزدار 'فەرەیدون حەکیم زادە' یە کە لە ئاڵقەی پێشتردا (257) باسی کتێبی *'سردشت در آئینه اسناد تاریخی'* ئەوم کرد. کتێبی تازەی کاک فەرەیدوون بە ڕادەی ئەوی پێشتر گرنگە و بە ڕادەی ئەویش هەڵەی تێدایە. من نامەوێ بچمە سۆراغی ساغکردنەوەی هەڵەکان کە بریتین لە ناساندنی ناتەواو یاخود نەناساندنی سەرچاوەکان، دووپاتکردنەوەی هەندێک بابەت، زانیاری نەدان لەمەڕ هەندێک ڕووداو و کەسایەتی کە بەسەریاندا تێپەڕیوە، هەڵەی زەقی مێژوویی، بۆنموونە هەواڵی هاتنی شێخ عوبەیدیللای نەهری بۆ مەهاباد کە دەزانین وانەبووە و تەنیا شێخ قادری کوڕی گەیشتۆتە مەهاباد و موکریان، هەڵەی ڕێکەوتەکان و... هەندێک هەڵەی تر وەک ناوبردنی گۆڤاری *'گڕوگاڵی*

*منداڵان'* ی سەردەمی کۆماری کوردستان بە*'مجلە کودکانە'* ! لە جیاتی*'مجلە کودکان'* (ل. 64) و *'تشکیل اولین کنسول روس'* لە جیاتی 'تشکیل اولین کنسولگری روس'(63) و دەیان بابەتی هاوچەشن، کە ئەگەر بەوشێوەیەی وا من لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا دیاردەم پێ کردوون دەست نیشانی هەموویان بکرێت، پێویست بە دەیان لاپەڕە یادداشت و واهەیە پێک هێنانی نامیلکەیەک و دوان بکات.

کتێبەکە، سەرەڕای ئەو ناتەواوییانە، سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و وێنەی مێژوویی و بۆ ئەم کارە پیرۆزە دەبێ دەست خۆشی لە کاک فەرەیدوون بکرێت.

بابەتی لەمەڕ بۆکان لە کتێبەکەدا ئەوەندە زۆرن کە من تەنیا دەتوانم لیستەیەک لە ژمارەی لاپەڕەی پەیوەندیدار بە بۆکان پێک بهێنم و ئاماژەیەکی کورت بە چەند بابتیان بکەم. بە گشتی، تەنانەت ئەگەر شێواوی و تێکەڵاویی ناو بابەتەکان بخەینەلاوە، هێشتا ئەو زانیارییە بڵاو و بێ شێرازەیەش دەتوانێ یارمەتیدەری توێژێنەرانی مێژووی سابڵاغ و موکریان بێت بە بۆکانەوە. بەڵام حیسابی وێنەکان تەواو جیاوازە ودەتوانن سەرچاوەیەکی باش بن لەمەڕ کەسایەتی، شوێن و ڕووداوەکانی ناوچە و بۆ نووسینەوەی مێژووی دواڕۆژی بۆکانیش کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

با لێرەدا ئەوە بڵێم کە چارەنووس و مێژووی سابڵاغ و بۆکان وەها پێکەوە گرێدراون کە هەندێک جار بەشێوەیەکی دەستکرد نەبێ باسی یەکیان لەویتر جیاناکرێتەوە. هەرچۆنێک بێت، ژمارەی بەشێک لەو لاپەڕانەی کتێبەکە کە ڕاستەوخۆ بۆکان دەگرنەوە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

لاپەڕە 13،25، 29 تا 33، 35، 42، 46، 50، 51، 57 تا 60، 72 تا 76، 79تا 81، 84، 85 و 94.

لە لاپەڕە 99 وە هەتا 306 بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران و ساواکن کە سەرچاوەکانیان بە ووردی دیاری نەکراوە، بە ڵام دەزانرێت کە دەبێ *'اسناد سیاسی ایران و عثمانی'* و *'اسناد ساواک سەبارەت بە حزبی دیموکڕات'* بن کە چەندساڵ پێشتر بەفارسی لە ئێران بلاو بوونەتەوە.

لە لاپەڕە 306 بەدواوە وێنەکانن کە تا 620 درێژەیان هەیە و گەنجینەیەکی بەنرخن بۆ توێژینەوە لە مێژووی ناوچەکە. لە لاپەڕە 621 بەدواوە تا کۆتایی کتێبەکە زانیارین سەبارەت بە وێنەکان و لەوێشدا بەشی بۆکان زۆرن:

لاپەڕە 623، 635، 637، 639، 641تا 651، 658 تا 661، 668 تا 680، 686تا 689، 697 تا 698، 700تا 703، 709 تا 712 و 716.